کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-5-2007 23:23

## دەڵێن: منداڵان لە تاریکی دەترسن، بەڵام گەورەکان لە ڕووناکیی! ... عەبدولرەحمان سدیق

مناڵان کارەکانیان بە بەرائەت و نیەتی سافەوە ئەنجام دەدەن، بۆیە ئامادەن ئەنجامی کارەکانیش لە ئەستۆ بگرن و، دان بە هەڵەی خۆشیاندا دەنێن و، حەزیشیان لە دەرەوەیەو، ئەو یاریی و گەمەیەشیان لا خۆشە کە لە فەزایەکی کراوەو بە بەرچاوی خەڵکەوە ئەنجام دەدرێن.

بە کورتی منداڵان حەزیان لە ڕووناکی یەو لە تاریکی دەترسن، حەزیان لە ڕۆژەو لەشەو دەترسن!

مناڵان شتێکیان نی یە بیشارنەوە لە تاریکیداو، گەمەیەکیشیان نی یە لە تاریکیدا، بۆیە بەردەوام حەزیان لە ڕۆژە!

ئێمە تەمەنێکی زۆرو کاتێکی زۆری ڕۆژمان لە ئامۆژگاریی کردنی مناڵانماندا سەرف دەکەین و، بەردەوام فێریان دەکەین کە لە تاریکی نەترسن، بەڵام ئێستا دوو ئەوەندەی کات سەرف دەکەین بۆ ئەوەی بە گەورەکان بڵێین لە ڕووناکی مەترسن!

بانگەشەوداوای بەردەوامی ئێمە بۆ شەفافیەت، خۆی لە خۆیدا داوایەکە بۆ ئەوەی گەورەکان لە تاریکی دەربچن و، گەمەکانیان لە ڕوناکیدا ئەنجام بدەن و، کارەکانیان لە پشت پەردەوە نەکەن.

دزەکان حەز لە تاریکی دەکەن بۆ خۆشاردنەوەو، تاوانباران و گوناهکارانیش حەز لە تاریکی دەکەن بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان.

جابۆئەوەی پیاو خراپان سوود لە تاریکی وەرنەگرن، پێویستیمان بە کارەبایە بۆ ئەوەی شەویشمان بۆ بکات بە ڕۆژو، ڕێگەیان لێبگرێت.

منالان حەزیان لە ڕۆژە، لە ڕوناکی یە، لە ڕەنگی سپی یە، لە فەزای کراوەیە، بەڵام هەندێك لە گەورەکان حەزیان لەشەوە، لە تاریکی یە، لە ڕەنگی ڕەشە، لە ژووری داخراوە!

زۆربەی گەورەکانی ڕۆژهەڵات، چونکە بەرائەتی منالّیی لە ناخیاندا نەماوە بۆیە حەز لە تاریکی و تەنهایی دەکەن، بەڵام گەورەکانی ڕۆژئاوا چونکە منالّیی لە ناخیاندایە، حەز لە ڕوناکیی و نێو خەڵکیی دەکەن!

askmoen@ yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.